گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:https://doi.org/10.26750/pf955t48
ڕێـکەوتـی وەرگــرتـن: 25/02/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 20/05/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# شوناس و ئاماژەکان له هونەری پەیکەرتاشیی کۆن له هەرێمی کوردستان

**هاوکار شکر[1] - ئاراس اسماعیل خضر[2]**
aras.khider@su.edu.krd hawkarrskin@gmail.com
[1]بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شوناس و ئاماژەکان لە هونەری پەیکەرتاشیی کۆن لەهەرێمی کوردستان) بریتییە لەتوێژینەوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی دەربارەی دەرخستنی ڕاستی شوناس و ئاماژەی هونەری لەبەرهەمە پەیکەرتاشیی و شوێنەوارییەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بوارگەلێکی تایبەتی تەرخانکردوە بۆ باسکردنی شوناس و ئاماژە هونەرییەکانی پەیکەرتاشیی کۆن لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها ڕۆڵی هونەری پەیکەرتاشینی سەر بەرد و قەد پاڵی چیاکاندا. کە بەهەر پەیکەرێکی دو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی و قوڵکراو لەسەر ڕوی تاشەبەرد و چیاکان دەگوترێت، بە ڕێگەی لێگرتن و لێکردنەوەی پارچە بەردی بچوك بە مەبەستی بنیاتنانی پەیکەر کە هەڵگری شوناس و ئاماژەیەکی دیاریکراوە. بەگشتی لە میزۆپۆتامیا پاشماوەی پەیکەری بەردینی داتاشراو بەمیرات بۆ سنوری کوردستان و دەوروبەری ماوەتەوە. ئەگەرچی لە هەندێك شارستانییەتی تر پاشماوەی پەیکەری داتاشراو لە دار بۆیان جێماوە و بەهۆی بونی کەرەستەی سەرەکی دار، کە بە ساناێی لەدەوروبەریان دەستیان پێگەیشتوە، بۆ مەبەستی پرۆسەی ئەنجامدانی کارە هونەرییەکان لەو سەردەمدا. هەرچی پەیکەرسازییە (Sculpture) بە هەمو پەیکەرێکی سازکراو دەگوترێت، کە بەڕێگەی دانان و زیادکردنی پارچەپارچە و بەشبەش ئەنجام درابێت، تەنانەت بە کەرەستەی جیاجیا و بەمەبەستی دەربڕین لە هەر بابەتێکی جیاواز دروستکرابێت.

مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتییە لەدەرخستن و دۆزینەوەی شوناس و ئاماژەی هونەری لەبەرهەمە هونەرییەکانی پەیکەرتاشیی کۆن لە کوردستاندا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە پشتدەبەستێت بەڕەهەندی هونەری و کۆمەڵایەتی و شوێنەواری و جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان، هەروەها پشکنین و تۆمارکردن و شیکارکردنی خەسلەتی فۆڕم و هێما و سمبولی هونەری پەیکەرەکان، لە ڕێگەی پۆلێنکردنی شوناس و ئاماژەی هونەریی پەیکەرتاشیی کۆن لە هەرێمی کوردستاندا، بە مەبەستی کردنەوەی دەرگای نوێ، بۆ گەیشتن بە شوناسی هونەری ڕەسەنی پەیکەرەکان.

**کلیلە وشەکان:** شوناس، ئاماژە، هونەر، پەیکەرتاشی، هەرێمی کوردستان

# Identity and Symbols of Ancient Artistic Sculptures in Kurdistan Region

Hawkar Shukur Mahmood[1] - Aras Ismail khider [2]

[1]Department of Painting, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

[2]Department of Archaeological , College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region of Iraq

## Abstract:

This research studies specific areas to discuss the identity of ancient sculpture and its artistic significance and Symbols in the Kurdistan region. The term "Stone Bar" refers to both two-dimensional and three-dimensional engravings on the face of rocks and mountains, achieved by taking small and suitable pieces of rocks and carving them to create sculptures with distinct artistic identities and meanings. Generally, the region between the Tigris and Euphrates rivers (Mesopotamia), namely the Kurdistan region and its surrounding areas, has inherited numerous rock carving artifacts. In addition to rocks, in some other civilizations, wooden carving artifacts have been left in this area due to the ease of obtaining wood from trees and transforming it into household tools and artistic materials at that time. Sculpture, on the other hand, refers to any statue created through construction or the addition of parts made from various raw materials, aimed at expressing different artistic themes and projects.

This research represents an intellectual and aesthetic exploration of expressions and the discovery of identity and artistic meanings in ancient sculpture works in Kurdistan. The research also relies on artistic, social, archaeological, and geographical dimensions of the archaeological areas from which the research sample is drawn. It involves examining, recording, and analyzing the characteristics, shapes, signs, and symbols of the research sample's sculptures, as well as the method of classifying their identities and artistic meanings. This is done in order to open new avenues for achieving the original artistic identity of ancient sculptures in Kurdistan.

**Keywords**: Identity, Symbol, Art, Sculpture, Kurdistan Region

**پێشەکی:**

هونەری پەیکەرتاشی یەکێکە لە هەرە گرنگترین هونەرەکانی پاشماوەی شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا. هەروەك (ئارنست فیشەر) نوسەر و ڕۆژنامەنوسی نەمسایی دەڵێت: دەکرێت بڵێین تەمەنی هونەر لەگەڵ تەمەنی مرۆڤدایە. دوای گەشەسەندنی زانستی هونەری و شوێنەواری و تاقیگەیی لەمەڕ شێوە پەیکەرە دۆزراوەکانی میزۆپۆتامیادا سەلمێندراون. هونەری پەیکەرتاشی لەکوردستاندا زیاتر لە ناوچە شاخاوی و قەدپاڵی چیا و ئەشکەوتەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و بەهۆی لەباری شوێنی بەرچاو بۆ کارکردن وهەبونی کەرەستەی بەردی گونجاو بۆ پەیکەرتاشین. پاشماوەی پەیکەرەکانیش تا ئەمرۆ وەک سەروەتێکی نیشتیمانی بایەخداری کوردستان هەژماردەکرێن و لەو ڕێگەیەوە شوناس و ئاماژەی هونەری پەیکەرەکان و هەندێکجاریش بونی نوسینی میخی لەسەر پەیکەر و دەوروبەری ناوچە شوێنەوارییەکان توانراوە ناسنامە و سەردەمی پەیکەرەکان و مێژوی دێرینی شارستانییەتییەکان لەکوردستان دیاریبکرێت.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە: ئەو پرسیارە گرنگەی کێشەی توێژینەوە دەخاتەڕو بریتییە لەوەی، ئایا پۆلێنکردنەوە بۆ شوناس و ئاماژەی هونەریی پەیکەرتاشیی لەهەرێمی کوردستان لەلایەن پسپۆری ناوخۆیی بۆ پەیکەرەکان کراوە؟

گرنگی توێژینەوە: لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیدەبینێتەوە: ئەم توێژینەوەیە بەشداردەبێت لە تۆمارکردن و بەدیکۆمێنتکردن و پۆلێنکردنی لەڕێگەی ئاماژە هونەرییەکانی ئادگارەکان و گەڕاندنەوەی شوناسی پەیکەرەکان لەکوردستاندا. ئەمەش لەڕێگەی توێژینەوەکردن و گرنگیدان بەکاری هونەری پەیکەری بەجێماو لەکوردستاندا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە سودی بۆ ناوەندە ئەکادیمی و گەشتوگوزاری و پەرتوکخانە کوردییەکان و ناوەندە فەرهەنگییەکانی کوردستان دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی خوێندنی هونەری پەیکەرسازی لەپەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەری و شوێنەواری کوردستان.

ئامانجی توێژینەوە: دەستنیشانکردنی شوناس و ئاماژە لە هونەری پەیکەرتاشیی کۆن لەهەرێمی کوردستان.

میتۆدی توێژینەوە: بەپشتبەستن بەپێوەری ئاماژەکانی چوارچێوەی کۆتایی تیۆری توێژینەوەکە، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجی دۆزینەوەی (شوناس و ئاماژەی هونەریی پەیکەرتاشیی کۆن لەهەرێمی کوردستان) توێژەر بۆ شیکار و شرۆڤەکردنەوەی بەرهەمە پەیکەرتاشییەکان پشتی بە پێوەرە ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری بەستوە بەلەبەرچاوگرتنی میتۆدی وەسفی شیکاری بەم جۆرەی خوارەوە:

سنوری توێژینەوە: سەبارەت بە سنوری بابەتی توێژینەوە بریتییە لە شوناس و ئاماژەی هونەریی پەیکەرتاشیی، سنوری کاتی بۆ ماوەی نێوان (هەزارەی یەکەمی پ. ز) دیاریکراوە. هەروەها سنوری شوێن بریتییە لەشارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە).

پێناسەی زاراوەکان: شوناس (Identity): پێناسەی زمانەوانی شوناس لەفەرهەنگدا بەواتای "ناو و ناونیشان، ڕاستی کەسێك، ئێستا و ڕابردوی کەسێك، هەروەها بەواتای ناسنامە و پێناس دێت" (قەرەداغی، ٢٠٠٦، ٤٥٢).

ئاماژە، ڕەمز (Symbol): پێناسەی زمانەوانی ئاماژە لەفەرهەنگدا بەواتای "نیشانەی نوسراو، هێمای نوسراو دێت" (قەرەداغی، ٢٠٠٦، ١٠٣٤). هەروەها پێناسەی ئاماژە (الرمز)، لە زمانی ئینگلیزی بە (Symbol) دێت. کە لە (Symbollo) بەواتای مانا (یستنتج) هاتوە و ڕەچەڵەکی وشەکە (Sumbolom) لەزمانی گریکەوە وەرگیراوە. (ڕوبین جورج کولنجود، ٢٨٤).

ئاماژە (الرمز): لە عەرەبیدا بەزمانی ئاماژە وئیمای هەردو شەویلگە وچاوەکان وبرۆکان ودەستەکان و زمان. دەوترێت کە بنچینەی ئاماژەکە، دەنگی شاراوە، کە بەزەحمەتی دەبیسترێت یان تێدەگات، هەروەک لە (القران الکریم

- تفسیر الکبری - تفسیر سوره العمران - الایه ٤١). کەخودا بەڵێنی بە (زەکەریا د.خ.) دا، فەرموی (نیشانەکەت ئەوەیە کە توانای قسەکردنت تا سێ ڕۆژ لەگەڵ خەڵکیدا نابێت و زمانت دەبەسترێت مەگەر بە ئاماژە نەبێت). هەروەها پێناسەی ئیجرائی ئاماژە ئاماژە هەمیشە هەرەمەکی و بەتاڵ نییە، وەکو توخمێکی سروشتی هەیە. هەروەک (میزان) دەتوانێت ئاماژەی دادپەروەری بێت.

هونەر(Art): پێناسەی زمانەوانی هونەر لەفەرهەنگدا بەواتای "بەهرە، کارامەیی، دانایی دێت" (قەرەداغی، ٢٠٠٦، ٤٠). "کارێکی داهێنانە لەبواری وێنەکێشان، پەیکەرسازی، موزیک و هەمو بوارەکانی هونەرجوانەکان" (عمر، ٢٠٠٨، ١٧٤٦). هەروەها پێناسەی زاراوەی هونەر دەرئەنجامێکی داهێنانی مرۆڤە ولەرێگەی دەرخستن و دەربڕینی گوزارشتە کەسییەکان، کە لەهزر وخەیاڵیدا گەڵاڵە بون و دواتر بیرۆکە و هەوێنی کارە هونەرییەکان بەرجەستە دەبن، لەکۆتایدا بەرهەمێکی هونەری لەدایکدەبێن. هەروەك سوقرات دەڵێت: "هونەری ڕاستەقینە جگە لەبیرمەند بەکەس بەرهەمناهێنرێت، چونکە هونەر ئەگەر ڕاستی لەخۆنەگرێت بەهیچ شێوەیەك هونەر نییە"(حسین حرب،١٩٨٠، ١٩٤). گریکەکان لەهونەردا دنیایەکی خەیاڵی بەلاساییکردنەوەی دنیای ڕاستەقینە بەدیدێت. (حەمە صالح، ٢٠١٣، ١٣). هەرچەندە هاوڕایی لەنێوان هەردو فەیلاسوفی مەزنی گریک، ئەفلاتون و ئەرستۆ لەمەڕ ئەوەی هونەر لاساییکردنەوەی ڕاستییەکانە. کەچی تێگەیشتنیان بۆ لاساییکردنەوە جیاوازە و بەڕای ئەفلاتون لاساییکردنەوە بەشێکی پوچە و لەبەرامبەریشدا ئەرستۆ لاساییکردنەوە بەکاری داهێنان ناوزەندیدەکات.


پلانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە چوار توێژگەی سەرەکی پێکهاتوە. توێژگەی یەکەم بۆ دو تەوەر دابەشکراوە و لەتەوەری یەکەمدا چەمک و تێگەی شوناس و لەتەوەری دوەم ئاماژەی هونەری لەپەیکەرتاشیدا. هەرچی توێژگەی دوەمە بە سەرهەڵدانی هونەریی پەیکەرتاشی لەکوردستاندا تەرخانکراوە. هەروەها ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری. لە توێژگەی سێیەمدا سێ نمونە شرۆڤەکراون و لە کۆتایی و توێژگەی چوارەمدا، ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز و سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

### توێژگەی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: چەمک و تێگەی شوناس:

چەمکی شوناس بە کۆمەڵێک هێما دەگوترێت کە کەسێکیان پێدەناسرێتەوە، واتا شوناس ناسێنەری مرۆڤە، ئەم چەمکە لەئەنجامی شوناسی نەتەوە کە کۆمەڵێک خەڵک بەرگرییان لە خاکێک کردوە و تێیداژیاون و دواتر هەستی هۆگرییان بۆیەکتر و پاشان هەمو بەیەکەوە بونەتە بەرجەستەبوی ژیانێکی هاوبەش لەسەر خاکێکی هاوبەش. چەمکی شوناس پۆلێن کراوە بۆ دو بەش و یەکەمیان هێما بنەڕەتییەکانە، وەک ڕەچەڵەک و کردە پەرستش و کلتور. هەرچی پۆلێنی دوەمە بریتییە لەهێما لاوەکییەکانی وەکو زمان، جلوبەرگ، شێوە و ڕەنگ. پێویستە گشت هێماکان ئامادەییان لەژیانی ڕۆژانە هەبێت، بەوهۆیەوە گروپ و نەتەوەی سەربەخۆ دروست دەبێت. کە کۆمەڵێک کەس لەڕابردودا ویستی پێکەوەبون کۆیکردونەتەوە و پێکەوە ژیانێکی ئازادانەیان لەسەرزەمینێکدا بۆ خۆیان ڕەخساندوە. بونەتە خاوەنی کلتور و مێژوێکی هاوبەش و جیابونەتەوە لە کلتورەکانی تری سەرزەمین. ئەمەش لەڕێگەی هەوڵ و کۆشش و بەرگرییان لە کلتور و خاکەکەیان. هەروەها شوناس دو ڕەهەندی هەیە، ئەوانیش هۆگری بۆ خاک و هۆگری بۆ خەڵکن. واتا پێوەری زیندوی شوناس خۆشەویستی خەڵک بۆ خاک و خەڵکەکەیەتی. لەو ڕوانگەوە کورد هەر لەسەرەتاوە خاوەن شوناس و خاکی خۆی بوە. (ڕەشید، ٢٠١٤، ١٩). بڕوانە وێنەی ژمارە (١). خاکی کوردستان و سنورەکەی لەسەردەمی

(٩٧٧پ.ز. -١٩٦٤ز) چەندان نەخشەی لەناو بەڵگەنامەی گرنگ و بەرکارەکانی سەردەمی شارستانییەتە جیاجیاکانی پادشا و ئیمپراتۆریەت و وڵاتانی جیهان ئەرشیفکراون. (باجگر، ٢٠٢٣، ٤-١١٠).



وێنەی ژمارە (١). نەخشەی سنوری خاکی کوردستان لەنەخشەی دەوڵەتی عوسمانی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید ساڵی (١٨٨٢) دەرکراوە.

تەوەری دوەم: ئاماژەکانی هونەری لەپەیکەرتاشیدا:

لەدێرزەمانەوە هونەری پەیکەرتاشی ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەخی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بینیوە و بەدرێژایی مێژو تا ئەمڕۆ لێکۆڵەر و شوێنەوارناسان بەدوای هێما و ئاماژە هونەرییەکانی سەر پەیکەرە داتاشراوەکانی کوردستانن. لەو توێژینەوە بەردەوامانە بەهاوبەشی و هاوئاهەنگی پسپۆڕانی ناوخۆیی و دەرەکی، توانراوە کۆمەڵێك توێژینەوەی گرنگ و دانسقە لەمەڕ پەیکەرە داتاشراوەکان لەچوارچێوەی فۆرمە جیاوازەکانی شوێنگە و ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوری کوردستان ئاشکرا بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك پەیکەری داتاشراو لەقەدپاڵی شاخ و چیاکانی کوردستان، بەهەڵە ناو و ناونیشانیان بەمەبەست و بێمەبەست لەلایەن کەسانی ناشارەزا و خەڵکانی سنوری ناوچە شوێنەوارییەکان بۆ دانرابو. کە خوێندنەوەی گشتگیر و زانستی بۆ هێما و ئاماژە هونەرییەکانی سەر پەیکەرە داتاشراوەکان نەکراون. هەروەك لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردو خوێندنەوە و ناساندنی هەڵە بۆ پەیکەری ڕیلیفی باتاس لەچیایی هەریر و میللی سەرکەوتن لە شارۆچکەی قەرەداغ و ... هتد کرابون.

ئاماژە لەهونەری پەیکەرتاشی کوردستانی کۆندا ولەچاخی بەردینی کۆن و پێش زایین، یەکێکە لەئامراز و هونەرە گرنگەکانی مرۆڤی (میزۆپۆتامیا)ی کۆن و گەلانی ناوچەکانی (میزۆپۆتامیا) کە وابەستەبونیان لەسەر بەکارهێنانی ئاماژەی نائاگایی لەناو پەیکەرە داتاشراوەکانیان کردوە.ئاماژە لەپەیکەرتاشی کوردستانی کۆندا بەڕونی بەدیدەکرێت. تەنانەت شوناس وئاماژەی هونەری لەبەرهەمە پەیکەرتاشییەکانی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی سنور و ناوچە و سەردەمێک بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی جیاوازە. هەروەک (هەربرت ڕید) مێژونوسی هونەری ئینگلیزی لەپەرتوکی (پەروەردە لەڕێگەی هونەر) باس لەگوزارشت و تەکنیك و کەرەستەی جۆراوجۆر بە مەبەست و ئاماژە و ئامرازی جیاواز بەکارهاتون. (رید، ١٩٧٠، ٤٥). بڕوانە شێوەی ژمارە (٢). دەربڕینخوازی و کەرەستە و شێوەی بەرجەستەی پرۆسەی هەستکردنی ڕاستەوخۆ توخمە فەرمییەکانن لە هەر کارێکی هونەریدا، کە نەک تەنیا میدیای دەرەکی یان پێکهاتە تەکنیکیە دیاریکراوەکان بەپێی یاسا و ڕێساکان. چونکە کۆمەڵێک نیشانە بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی هەندێک واتا (زکریا، ١٩٩٩، ٣٣٤). بەهەمان شێوەی دەربڕینخوازی ئایینی هەستی هێمن و ڕۆحییەکەی لەگەڵ ڕەنگی مەتریال و ڕۆحی هونەرمەندەکە دێتە دەرەوە. (گارا، ٢٠٠٥، ١٠٨).




شێوەی ژمارە (٢) پەیکەری داتاشراوی فایدە، بۆ سەردەمی پاشا سەنحاریب، ساڵی (٧٠١) پ. ز دەگەڕێتەوە. لەسنوری پارێزگەی دهۆك لەهەرێمی کوردستان، لەساڵی (٢٠١٨) دۆزراوەتەوە.

تەوەرگەی دوەم: سەرهەڵدانی هونەری پەیکەرتاشیی لەکوردستاندا:

بۆ تێگەیشتن لەدەسپێک و سەرهەڵدانی هونەری پەیکەرتاشی کۆن لەکوردستاندا، سەرەتا دەبێت بگەڕێینەوە (٩٠٠٠-٨٠٠٠ پ.ز.) مرۆڤ بۆ یەکەم جار لەکوردستان لەئەشکەوتەکانی (شانەدەر و هەزارمێرد) و دواتر گوندی (چەرمو) هەڵگیرساونەتەوە و سەرەتا هەوڵی ڕاوکردن و پاشان کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن دەستپێدەکەن. هەروەها دەست بۆ نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و دەبات، هەروەک لە پاشماوەکانی گوندی (گندوک)ی نزیک ئاکرێ چەندان پەیکەر و شێوەی هەڵکۆڵدراوی سەر بەرد لەناو ئەشکەوتەکە دۆزراونەتەوە و مێژویان بۆ (٣٠٠٠ پ.ز.) دەگەڕێتەوە، هەروەک لەکتێبی نەینەوا و بابل لەلایەن (سێر ئەی، ئێچ لایارد) لە (١٨٥٠) چاپکراوە (پیرباڵ، ٢٠٠٦، ٨). سەردەمی ئەشکەوت و بیرۆکەی کارە دەستییەکان و هەڵکۆڵینی سەر تاق و دیوارەکانی ناو ئەشکەوتەکان، لەڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەکانی وەک بەردی تیژ و ئێسقانی ئاژەڵ و پارچە دار توانراوە شێوە و فۆڕمی هەڵکۆڵدراو داتاشن. بۆیە بەرهەمی هونەری کارە دەستیەکان لە سەرەتای دروستبونی مرۆڤایەتیەوە سەری هەڵداوە و لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاربراوە و لە دێرزەمانەوە کارایی هونەری دروست کردوە، کە هەڵگری کۆمەڵێک ئایدیا و هزری مرۆڤانە و سەرکەوتنێکی مەزن و جوانی ئەو کاتە بوە (باقر، ١٩٦٦، ٥٣). هونەری پەیکەرتاشی سەر بەرد زۆر جیاوازە لە پەیکەرسازی بە کەرەستەی قوڕ و موم کە "دەکرێ چارەسەر لەدەرەوە بە ئاراستەی ناوەوە بێ تا ئەو ڕادەیەی پەیکەرساز دەگاتە شێوەی پەیکەرێک، دەتوانێت پەیوەندییە پەیوەستدارییەکان لەنێوان کەرەستە و شێوەدا دروستبکات لە ڕێگەی لێگرتن و بڕین و لابردن لە کەرەستەکە، کە بۆ ئەو کارە هونەرییە بگونجێت" (نصرالله،٢٠١٩، ١٩٩). پێکهاتوە لە وێنە و شێوەی سەر بەردی هەڵکۆڵراو کە خۆیان لە پەیکەرتاشین و نەخش و هەڵکۆڵراوەکانی سەر دیواری ئەشکەوت و قەدپاڵی شاخ و پەرستگە کۆنەکان و کۆشک و تەلاری فەرمانڕاوا و پەناگە بەردینیەکانی خوداوەندەکاندا دەبینێتەوە. هەرچەندە لەسەرەتادا داتاشراوەکان لەقەدپاڵی چیاکان بون و بەڵام پەرستگا و پەناگەش بۆ فەرمانڕەواکان دروستکراون. هەروەک هونەری بیناسازی ئاشوری کە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ پەیکەرتاشیدا هەیە، ئەو پەیوەندییە لە کۆشک و تەلارەکانی سنوری نەینەوا و بەتایبەتی لە نەمرود و خورساباد بەدیدەکرێت. (جاف، ٢٠٠٩، ٣٥). کەپەیوەندییەکی گونجاو لەنێوان هەردو هەڵکۆڵدراوە پەیکەر و شێوە ئەندازەییەکانی تاق و ڕەگەزەکانی بیناسازیی پەرستگاکان ئەنجامدراوە. "لەگرنگترین بنەما سەرەکییەکانی هونەر بەگشتی

و بیناسازی بەتایبەتی، پێویستە کەرەستە لەگەڵ شێوەدا بگونجێت." (شیرزاد، ١٩٨٥، ٢٤٧). هەروەک لە داتاشراوی قزقاپان بەجوانی دەرکەوتوە. بڕوانە شێوەی ژمارە (٣).



شێوەی ژمارە (٣) پەیکەر و پایەی بەرجەستەی داتاشراوی قزقاپان بۆ هەزارەی پ. ز. دەگەڕێتەوە لەسنوری پارێزگەی سلێمانی لەهەرێمی کوردستان.

هونەری پەیکەرتاشی لەکوردستاندا، لەشارستانییەتی میزۆپۆتامیا و بونی سەرچاوەی زۆر و زەوەندی ناوچە شاخاویەکان بەگشتی و چیاکانی زاگرۆس لە باکور بەتایبەتی، بۆتە سروشتێکی خۆسەپێنەر بەسەر ناوچەکەدا. ( ابو دبسه، ٢٠١١، ٤٩). مێژوی دورودرێژی ڕەنگدانەوەی گیانی ئایینی و ژیاری هونەری و کلتوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کۆنی شارستانییەتییەکانی خاکی کوردستانمان پیشاندەدات. هەربۆیە ئاماژەکانی کۆماڵایەتی و سیاسی سەر هونەری پەیکەرتاشی کۆن ڕێگەیەکە بۆ جیاکردنەوەی شوناس و ناسینەوەی شێوازی دابونەریت و ڕەسەنایەتی شارستانیەتییەکان لەلایەک و پەیوەندی میللەتان بەو خاکەی لەسەری نیشتەجێبون لەلایەکی ترەوە.

کوردستان لەڕوی ژینگەییەوە بارودۆخێکی گونجاوی هەبوە لە بنیاتنان و بەردەوامی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و تەنانەت لەڕوی هزری و تێگەیشتنیان بۆ بەرهەمە هونەرییەکان لە سەردەمە جیاجیاکانی میزۆپۆتامیا. هەروەک لە پاشماوە هونەری و شوێنەوارییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە. (باقر، ٢٠٢٢، ٢٨). بەگشتی بابەتە هونەرییەکان ڕەنگدانەوەی فۆرمەکانی دەوروبەریان بوە. لەناو نەتەوە دێرینەکانی کوردستان هەروەک لولویی، گۆتیی، خوریی، میتانیی، کاشیی، کاردۆخی و دەوڵەتی ئۆراتۆ بونیان هەبوە و کۆمەڵگەلێك شوێنەوار و بەرهەمی پەیکەرتاشی سنوری کوردستاندا بەنەمری ماونەتەوە. هەروەك لەناو تۆمارە سۆمەرییەکاندا لولوبییەکان ناویان بەشێوەی لولوبی، لولومی و لو هاتوە و زێدی ڕەسەنیان کەوتۆتە دەڤەری شارەزوری سنوری پارێزگەی سلێمانی لەباشوری کوردستان. پاشان بەرەو باشور دەستیان بەفراوانخوازی کردوە تا ناوچەکانی دەوروبەری ڕوباری سیروان و بەپانایی ڕۆژئاوای چیاکانی زاگرۆسیان گرت و لەگەڵ گوتییەکان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زێی بچوك تێکەڵبون.

پەیکەرتاشی وەك یەکێك لە ڕەسەنترین توخمە هونەرییەکانی مرۆڤایەتی لەڕابردو و ئێستادا، وەك یەکێك لەکۆنترین و بەربڵاوترین و هەمەجۆرترین هونەرە زیندوەکانی جیهان دادەنرێت. پەیکەرتاشی لەلایەن گەلانی میزۆپۆتامیادا گرنگییەکی ئێجگار بەرچاوی لەنێو هونەردا بەرکەوتوە و بەشێوەیەکی سەرەتایی و ئاشکرا گوزارشت لەهەست ودەربڕینە ئایینییەکانیان کردوە و لەڕێگەی فۆرمی پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ بەکەرەستەی سەرەتایی کەلەدەوروبەری خۆیدا دەستی کەوتون، دواتر لەگەڵ گەشەسەندنی سەردەمەکان وگۆڕانکاری لەبابەتی پەیکەرەکان هاتۆتە ئاراوە، کەزیاتر ڕۆڵ و پێگەی پاشا و دیمەنی جەنگ و داستانەکانیان بە کەرەستەی جیاواز داتاشیوە. لەئێستادا

زۆربەی نمونەی زیندوی پەیکەرە هەڵکۆڵراوەکان چ لەشوێنەکانیان و یاخود لەناو موزەکاندا ماونەتەوە. هەروەها لەرێگەی ئەم هونەرەوە توانیویانە ڕوداوەکانی ڕۆژانەی خۆیان و بیرۆکەکانیان نمایش بکەن، وەک کارێکی هونەری پەیکەرتاشی تۆمارکراوە، کارە دەستییەکان هەر لەکۆنەوە سەرچاوەیەکی باش بونە بۆ بەرەو پێشبردنی ژیان وپیشاندانی داهێنانەکان کە بۆتە هۆی ئەرشیفکردنی هونەرەکەیان لە چوارچێوەی شێوە و فۆرمێکی سادە.

پەیکەرتاشی لەکوردستاندا مێژوێکی دێرین و هاوسەردەمی شارستانییەتە مێژوییەکانی ناوچەکە و دەوروبەرە وبەڵگەی پاشماوە مێژویی و هونەرییەکانی ئەشکەوتی شانەدەر و گوندی چەرمۆ کە بە یەکەم گوندی کشتوکاڵی چاخی بەردینی نوێ دادەنرێت، جگە لە دەیان ناوچە و شوێنەواری تر بەزیندویەتی ماونەتەوە. (باقر، سەرچاوەی پێشو، ٢٠٢٢، ٢٨٦). بەڵام بۆشاییەکی گەورە لەسەدەکانی پێشودا دەبینرێت، ڕەنگە هۆکارە سیاسی و ئایینییەکان ئاستەنگی سەرەکی بەردەم پێشنەکەوتنی پەیکەر بون. تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو جموجۆلە کەسییەکان دەستییان پێکردۆتەوە، دەتوانین بڵێین ئێستا جۆرییەتی لەپەیکەر لەکوردستاندا بونی هەیە. ئەمیش بەهۆی تێکەڵاو بونی زیاتری پەیکەرسازان لەگەڵ دەرەوەدا.

پەیکەرەکانی سەردەمانی پێشو لەکوردستاندا، پارێزگاری و پاراستنیان ڕۆڵێکی گرنگ لەمانەوەی ئادگار و شوناسی میراتی مرۆڤایەتی دەبینێت. هەروەها دەبێتە سەرچاوەی زیندوی شارستانیەتیەکانی سەردەمە جیاوازەکان لەکوردستاندا. بڕوانە شێوەی ژمارە (٤).



شێوەی ژمارە (٤) داتاشراوی دوەمی دەرگەی ئامێدی، سەردەمی ساسانییەکان، بۆ هەزارەی یەکەمی پ. ز. لەقەد پاڵی شاخ لەشارۆچکەی ئامێدی، لەپارێزگەی دهۆك لەباشوری کوردستان.

پەیکەرتاشی لەسەردەمی شارستانیەتیە کۆنەکان و شێوازی کارکردنیان مەبەستی خستنەڕوی بیر و باوەڕی ئەفسانەیی و هەروەها بەرهەمی داتاشراوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تێدا هەڵکۆڵیوە و لەشێوەی پەیکەری داتاشراو، تەنانەت وەک "ڕاوکردنی ئاژەڵەکان و کۆکردنەوەی هێز و کارکردن لە کشتوکاڵ و دروستکردنی پەیکەر بۆ مەبەستەکانی ڕۆژانەیان". (بارو، ١٩٨٠، ١٠٧). بڕوانە شێوەی ژمارە (٥).



شێوەی ژمارە (٥) بەشێک لە پەیکەری بەرجەستەی گای باڵداری داتاشراو لەبەرد لەخەنس، لەنزیك ناوچەی شێخان، لە شاری دهۆك.

بەرهەمە پەیکەرتاشییەکانی سنوری خاکی کوردستان خاوەن مێژوی چەندین شارستانییەتی کۆنی میزۆپۆتامیایە، بە تایبەتی لە ناوچەی شاخاویەکان و زنجیرە چیاکان و لە سەر تاشە بەردی قەد پاڵی و ئەشکەوت و پەرستگە و پەناگە و تەلار و کۆشکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان، (باقر، ٢٠٢٢، ٧٢١-٧٢٣). کە لەلایەن پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا لە کۆندا بەمەبەستی جۆراوجۆر هەڵکۆڵراون، داتاشراوەکانیش لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر جیاوازیان هەیە. کە دەربڕین و گوزارشتن لە ئادگاری وێنەی خواوەند و ئەرکە ئایینییەکان و هەروەها هێز و باڵادەستی پاشا و فەرمانڕەواکان لە کاتی سەرکەوتن بەسەر دوژمن و نەیاراندا و تۆمارکردنی داستان و جەنگەکان بە ڕونی دەرکەوتون. هەرچەندە خەڵکی سنوری ناوچە شوێنەوارییەکان زانیاری دروست لەبارەی پەیکەرە داتاشراوەکان نازانن، بەهۆکاری ئەوەی هەم نەخوێندەوار بون و هەمیش لەڕوی ئایینیەوە دورە پەرێز و زیاتر خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بون. سەرەڕای ئەوەی لەدوای ساڵی (١٩٩١)، توێژەران هەوڵیانداوە لەمەر پەیکەرە داتاشراوەکانی خاکی کوردستان لێکۆڵینەوەی تازە بخەنە بەردەم نەوەی نوێی کوردستان، کە لەڕابردودا ئەم پەیکەرە داتاشراوانە چەندین چیرۆك و ئەفسانەی جۆراوجۆریان لەمەڕ باسکراوە. تەنانەت بەشێکیان ڕوبەڕوی تێکدان و شکاندن بونەتەوە. بەهۆکاری ئەوەی لە ڕابردودا پەرستراوبون و لە ئاینی ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نییە.

پەیکەرە داتاشراوەکانی قەدپاڵی شاخەکانی کوردستان لە ئێستادا بە بەشێکی گرنگ لە ناسنامە و شوناسی دانیشتوانی ڕەسەنی شارستانییەتییەکانی میزۆپۆتامیا هەژماردەکرێن. پارێزگاریکردن و مانەوەی ئەم هونەرە زۆر گرنگە بۆ جیاکردنەوەی فەرهەنگ و دابونەریتە جیاوازە کۆنەکانی میللەتان لە کوردستان. هونەری پەیکەرتاشی زانیاری زۆر و گرنگی مرۆڤی سەردەمە کۆنەکانمان پێدەناسێنێت، هەرچی زانیاری لە بارەی دابونەریتی مرۆڤ و ئەو سروشت و ژینگەی کە تێیدا ژیاون لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییەکانی مرۆڤ و شوێنی ژیانی ڕونکراوەتەوە. کۆنترین پەیکەری تاشراوی بازنەیی لەدۆڵی میزۆپۆتامیادا لەسەردەمی بەردینی نوێ، گوزارشتە لەسەری باڵندەیەکی بەردین و لەگوندی نمریك دۆزراوەتەوە. نوێنەرایەتی کۆنترین نمونەی پەیکەری بازنەیی لەمێژوی شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا بۆ (٩٠٠٠) پ. ز. دەگەڕێتەوە. پاشماوەکانی گوندی نمریك لەسنوری ئێستای پارێزگەی دهۆك لەباشوری کوردستان، کە کۆمەڵێك پەیکەری سەری باڵندەی لەبەرد دروستکراوبون. بڕوانە شێوەی ژمارە (٦).



شێوەی ژمارە (٦) پەیکەری بازنەیی سەری باڵندەی داتاشراو لەبەرد، لەسەردەمی بەردینی نوێ، لەگوندی نمریك، لەپارێزگەی دهۆك.

پاشماوەی پەیکەرە داتاشراوەکانی شوێنەواری (خەنس) کەپێکهاتون لەچەندین پەیکەری بەرجەستەی پاشای ئاشوری ودارودەستەکەی، هەروەها دیمەنی پەیکەری هەڵکۆڵراوی گای باڵدار لەسەر بەرد، بۆ سەردەمی

پاشای ئاشوری سەنحاریب (705-681)، پ. ز. دەگەڕێتەوە هەروەک لەماڵپەری فەرمی پارکی شوێنەواری سەنحاریب بەوردی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوەو وێنەی تەواوی پەیکەرەداتاشراوەکان خراونەتەڕو.

ئەم پارکە شوێنەوارییە کەوتۆتە نزیك سنوری ئێستای شارۆچکەی (شێخان) لەپارێزگەی دهۆك لەباشوری کوردستان. بەهۆی ئەوەی پەیکەرەکان لەناوشوێنێکی نیمچە دۆڵدا لەبەردەم ڕوبارێکی بچوك هەڵکەوتون، بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر ئاودا نقومببون، لەم ساڵانەی ڕابردودا بەهۆی دابەزینی ئاوی دۆڵەکە چەندین نمونەی تری پەیکەری بەرجەستە بەدیارکەوتون. (باقر، سەرچاوەی پێشو، ٢٠٢٢،٧٢٤-٧٢٨). لەئێستادا بەهەوڵی شوێنەوارناسانی بیانی بۆتە پارکی شوێنەواری (سەنحاریب) و خەڵک لەناوخۆ و دەرەوە سەردانی دەکەن. بڕوانە شێوەی ژمارە (٧). بەگشتی خاسیەتەکانی هونەری پەیکەرتاشی ئاشوری (٢٠٠٠-٦١٢) پێش زایین، لە شارستانییەتی (میزۆپۆتامیا) زیاتر گەشانەوەی بەخۆیەوە بینیوە بەبەرامبەر بە شارستانییەتەکانی پێش خۆی، بەتایبەتی بونی ڕێژەیەکی زۆری بەرهەمی پەیکەرتاشی دیواربەندی و بازنەیی لەکەرەستەی بەرد. ئەوەش بەهۆی سروشتی ناوچەی شاخاوی ژێر فەرمانڕەوایی وڵاتی ئاشورییەکان دەگەڕێتەوە.. (پیرباڵ، ٢٠٠٦، ٢٤).



شێوەی ژمارە (٧) پەیکەری بەرجەستەی پاشاییەکی ئاشوری داتاشراو لەبەرد، لەسەردەمی پاشا سەنحارب، لەنزیك شارۆچکەی شێخان لەپارێزگەی دهۆك لەهەرێمی کوردستان.

ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

- شوناسی و شێوەی پاشا و خوداوەندەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە ناوەڕۆکی پەیکەرە داتاشراوەکاندا هەبوە.
- هونەری پەیکەرتاشی وەک یەکێک لەگرنگترین کارە دەستییەکانی پەیکەرتاشانی شارستانییەتی میسۆپۆتامیا دادەنرێت. لەو ڕێگەوە شوناس و گوزارشت لەبیروباوەڕی مرۆڤی میسۆپۆتامیا و هێز و باڵادەستی فەرمانڕەوا و پاشاکان دەخاتەڕو.
- ڕوداوی گرنگ و جەنگەکان بابەتی پەیکەرە تراشراوەکانی قەد پاڵی چیاکان بون.
- لە ڕێگای بەرهەمە پەیکەرییەکان بۆمان دەرکەوتوە، کە مرۆڤ لەناوچەکەدا چۆن ژیاوە.
- داتاشراوی هەڵتۆقیوی شێوەی پاشاکان لەقەد پاڵی چیاکان بەمەبەستی دەربڕینی پلە و مەزنی فەرمانڕەواکان لە بیروهزری ئەوکات.

**تویژگەی سێیەم: شیکردنەوەی نمونەکان:**

نمونەی (١)



ناوی بەرهەم: پەیکەری هەڵتۆقیوی باتاس
خاوەندارییەتی بەرهەم: سەردەمی فرسییەکان (الفرثیة)
مێژوی ئەنجامدانی بەرهەم: هەزارەی یەکەمی پ. ز. (٢٤٧-٢٢٦ پ. ز.)
جۆری کەرەستەی بەکارهاتو: (بەردی لایم ستۆن) لەقەد پاڵی شاخ
پێوانەی بەرهەم: ١٢٥×٢٥٠سم
شوێنی بەرهەم: پارێزگەی هەولێر/ شارۆچکەی هەریر

ڕیلیفی باتاس (The rock relief of Harir, Hareer – Batas relief) یاخود پەیکەری داتاشراوی چیای هەریر کەوتۆتە (٥٠) م لەبەرزایی چیا گەورەکەی شارۆچکەی هەریر لە سنوری پارێزگای هەولێر لە باشوری کوردستان. هەرچەندە لەئێستادا بەچاوپێداخشاندنی کارەکە تەنها شێوەیەکی نیمچە ڕوتەڵەکی پەیکەرە داتاشراوەکە دەبینین. بەهۆی نەزانین و نەبونی ڕۆشنبیری هونەریی و شوێنەواری لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە و هۆکارە جیاجیاکانی سەردەمی هاوچەرخی کوردستان. بەڵام لەرێگەی ڕۆژهەڵاتناس و دۆستەکانی گەلی کورد دەتوانین خوێندنەوەی شیوەیی و ئادگارەکانی شوناس و ئاماژەی هونەری بۆ ڕیلیفی باتاس بکەین. کەبریتییە لەشێوە ناسنامەی پیاوێکی لەسەرلا وەستاو و کڵاو و فەروەیەك لەسەر شانەکانی هاتۆتە خوارەوە تا سەر دەستی ڕاستی. هەرچی دەستی چەپییەتی ڕمێکی درێژی هەڵگرتوە. شێوە و ئادگاری پاڵەوانی پەیکەرە داتاشراوەکە لەکەسایەتییەکی کاریزمایی و ناوداری سەردەمی میدییەکان دەچێت و دەشێت دوابەدوای داستانێك یاخود سەرکەوتنێکی مەزنی جەنگیی و یەکلاکەرەوەی دەڤەرەکە، ئەم پەیکەرەی لەلایەن گەورە پەیکەرتاشانی سەردەمی خۆی بۆ داتاشرابێت. هەروەها ئاماژە هونەرییەکانی پەیکەرەکە و ئامانج لەبەرزی شوێنی داتاشراوەکە لەقەدپاڵی چیای هەریر بۆ مانەوە و دەرکەوتن و پیرۆزڕاگرتنییەتی وەك کەڤاڵێکی نەمری پەیکەرتاشی لەناوچەکەدا.

سەبارەت بەسیستەمی دامەزراندن و دابەشکردنی لایەکی پەیکەری ئەم کەسایەتییە زۆر بەکارامەیی و لێهاتوانە لەلایەن پەیکەرتاشی نەناسراوی میزۆپۆتامیایی داتاشراوە. وەك لەبەرزترین خاڵی سەری تاوەکو ژێر پێکانی خراوەتە ناو قولایی شێوە لاکێشە هەڵکۆڵدراوەکەی قەدپاڵی چیاکە. هەروەها ئادگار و ئاماژە و گوزارشتی دەستی ڕاستی کەسایەتییەکە لەدۆخی بەرزکردنەوەدایە بەمەبەستی پێدان و گەیاندنی پەیام بە دەوروبەری خۆی لەلایەك و دوژمن و نەیارانی لەلایەکی تر دێت. هەرچی شوناسی نەخشەسازی و شێوەسازی سەر جلوبەرگی کەسایەتییەکەیە، تەواو شێوەی کەسێکی دەسەڵاتدار و شۆڕشگێرمان پێدەناسێنێت. ئەم ئاماژە و لایەنە هونەرییەش لە کەڤاڵی پەیکەرتاشی داتاشراو و بەرجەستە زۆر ئەستەمە، مەگەر پەیکەرتاشێکی کارامە و لێهاتوبێت.

هەروەها لە وێنەیکی تری نیمچە ڕون دەرکەوتوە، کە شێوە و فۆرم و ئاماژەی هونەری پەیکەری کەسایەتییەکە. کە وێنەکە لەلایەن س. ج. ئیدمۆندز (Cecil John Edmonds) گیراوە و بۆ نیسانی ساڵی (١٩٢٦) دەگەڕێتەوە. هەمیسان لەو وێنە فۆتۆگرافەدا ئاست و توانای هونەریی پەیکەرتاشە نەناسراوەکە، لەڕێگەی هەڵکۆڵین و داتاشینێکی ناوازە بۆ گشت بەشەکانی کەسایەتییەکە خستۆتەڕو.



هەرچەندە لەسەردەمە جیاجیاکانی میزۆپۆتامیا، هەمان ئەو شێوە لاکێشە ستونییە و قولاییەی قەد پاڵی چیاکان داتاشراون. کە هاو شێوەن لەڕوی هونەری دامەزراندندا، گەرچی هەندێکیان بەشی سەرەوەیان بەشێوەی نیمچە کەوانە هەڵکۆڵیوە. بەڵام لەناوەڕۆکدا زۆربەیان بەشێوەی لایەکی وێنەی کەسایەتی دەسەڵاتدار و پاشاکانیان سازکردوە. ئامانجی ئەم شێوە دارشتنە زیاتر لەڕوی کۆکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکە و لایەنی ڕازاندنەوە و جوانیناسی و پیشاندانی چوارچێوەیەکی دیاریکراوە، کە جیاواز بێت لەگەڵ ڕوی تەواوی چیاکە بەمەبەستی زوتر بینین و ناسینەوەی شاکارەکە و تێکەڵنەبونی بەهۆی بەرز و نزمی سروشتی قەدپاڵی چیاکە.

نمونەی (٢)



ناوی بەرهەم: میلی سەرکەوتنی جەنگ
خاوەندارییەتی بەرهەم: سەردەمی ئەکەدییەکان
مێژوی ئەنجامدانی بەرهەم: هەزارەی دوەمی پ. ز.
جۆری کەرەستەی بەکارهاتو: بەرد لەقەد پاڵی شاخ
پێوانەی بەرهەم: ١٠ پێ بەرزە
شوێنی بەرهەم: پارێزگەی سلێمانی، شارۆچکەی قەرەداغ


پەیکەری داتاشراوی میلی سەرکەوتنی جەنگ لەدەربەندی گاور نزیک قەرەداغ لەپارێزگەی سلێمانی لەباشوری کوردستان. ئەم پەیکەرە بەرجەستەیە کەلە شێوەی پیاوێکی جەنگاوەری ڕیش لاکێشەی لەسەر لا وەستاوە و کڵاوێکی لێوارپانی لەسەردایە و لەبەشی دواوەی پرچێکی زۆر و بەشی خوارەوەی گوێچکەیەکی دەبینرێت و سەری بەلای چەپدا و نیمچە خوارەوە دەڕوانێت. دەموچاوی جەنگاوەرەکە وەک تەواوی بەشە سەرەکییەکانی دەست و باز و ڕان و لاقەکانی پەیـکەرە داتـاشراوەکە لە هەنگاونـان و سـەرکەوتن بەسـەرنەیاراندا خۆیـدەبینێتەوە. هەروەک نمـونەیەکی پەیـکەری بەرجەستەی نایاب لە گشت ڕوەکانی توێکاری و دابەشکردنی دارشتنەکە لەقەد پاڵی چیاکەدا.

پێکهاتەی دارشتنی ئەم پەیکەرە داتاشراوە لە چەند کەسایەتییەکی جیاواز لە پلە و پۆستدا جیاوازن، هەروەک لە ڕوی قەبارە و شوناس و ئاماژەی هونەریشدا جیاوازن. لەم بەرجەستە داتاشراوەدا کەسایەتی پاڵەوان و قارەمانێکی قەبارە مەزن و چەندین کەسایەتی بچوک و لاواز لەژێر پێکانی کەوتون. ئاماژەی هونەری لە کەسایەتییەکی باڵادەست و فەرمانڕەوا و پاشا دەچێت و لە دۆخی مەیدانی جەنگدا بەسەر جەستەی دوژمنەکانی تێپەردەبێت. کە ئەمەش ئاماژەیە بەسەرکەوتنی جەنگێکی مەزن بەسەر هێزی نەیاردا و وەک لەپاشماوە و تەرم و لاشەی ژێر پێکاندا بەجێماوە. هەروەها دارشتنی پەیکەرێکی بەرجەستە لەو بەرزییە نمونەیەکی بەرزی پەیکەرتاشییە.

هەرچی سیستەمی دامەزراندن و دابەشکردنی ڕوی پەیکەری ئەم کەسایەتییە بەکارامەییەکی زۆر قەدپاڵی چیاکە داتاشراوە. سەبارەت بەگوزارشتی دەستی ڕاستی کەسایەتییەکە کە هەڵگری چەکوشێکی مەزن و لەدۆخی ئامادەکردندایە بەمەبەستی لێدان وگەیاندنی پەیامی هێز و ترساندنی دەوروبەری خۆی لەلایەك و نەیاران و کەسانی بینەری ئەم داتاشراوە لەلایەکی تر دێت. هەرچی شوناسی نەخشەسازی و شێوەسازی سەر جلوبەرگی کەسایەتییەکەیە، شێوەی کەسێکی خاوەن هێز و دەسەڵاتدار و شۆڕشگێرمان بۆدەگێڕێتەوە لە ڕێگەی ئاماژە و لایەنە هونەرییەکانی بەرجەستەکراون. هەرچەندە ئاسان نییە کەڤاڵی پەیکەرتاشی بەرجەستەی داتاشراو هەمو ئەو لایەنانە لەفیگەری کەسایەتییەکدا کۆبکرێتەوە، مەگەر ئەنجامدانی لەلایەن پەیکەرتاشێکی لێهاتو وکارامە خودان بەهرەبێت.

خوێندنەوەی زۆر لەمەڕ ئەم داتاشراوی میللی سەرکەوتن لەدەیەکانی ڕابردو کراون. هەروەک زۆرتر بە سەرکەوتنی (نرام سن) بەسەر (لۆلۆبیەکان) ناسێنراوە و هەرچی خوێندنەوەی (مورتگات)ە لەبارەی ئەم داتاشراوەدا، بە شولگی پاشای دوەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور کە ماوەی ٤٨ ساڵ فەرمانڕەوایاتی کردوە. (٢٠٩٤-٢٠٤٧) پ. ز. کە بەشێوەی لاری مانگ لەلای چەپی بۆ بەرزترینی ترۆپکی بەشی ڕاستی وێنەکە دەرکەوتوە.

نمونەی (٣)



ناوی بەرهەم: داتاشراوی دەرگەی ئامێدی
خاوەندارییەتی بەرهەم: سەردەمی ساسانییەکان
مێژوی ئەنجامدانی بەرهەم: هەزارەی یەکەمی پ. ز.
جۆری کەرەستەی بەکارهاتو: (بەردی لایم ستۆن) لەقەد پاڵی شاخ
پێوانەی بەرهەم: (٢٤٥* ١٤٥* ٤٠سم)
شوێنی بەرهەم: پارێزگەی دهۆک، شارۆچکەی ئامێدی

پەیکەری داتاشراوی ئامێدی کەوتۆتە (١٤٠٠م) لەئاستی بەرزایی ڕوی دەریاوە، کارەکە کەوتۆتە دوری (٥م) لای ڕاستی پێشەوەی دەرگای خۆرئاوای شارۆچکەی ئامێدی لە دوری (٧٠کم) لەسنوری باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای دهۆک لە باشوری کوردستان. لە چاوپێداخشاندندا بۆ پەیکەرەکە تەنها فۆڕمێکی شێواوی کەسایەتییەکی جەنگاوەر

بەپۆزشنەری وەستاو بەشێوەی ڕوی پێشەوە بەرەو لای ڕاست هەڵکۆڵدراوە، لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیەکی ستونی و بەشی سەرەوەی نیوە کەوان دەبینین. کارەکە شێوەی پرۆفایلە و دەستی ڕاستی ڕمێکی درێژ و دەستی چەپی شمشێرێکی ڕاستی گرتوە و پەیکەرە داتاشراوەکە لە قەبارەی سروشتی گەورەترە و نزیکەی یەک و چارەگە. بەگشتی کارەکە داماڵدراوە لە وردەکاری و لایەنی تەکنیکی، تەنها شێوە و توێکاری کەسایەتییەکی جەنگاوەر دەرکەوتوە. دەشێت هۆکاری شێواویەکەی بەهۆی گۆڕانکاری کەش و هەوا لەلایەک و نەزانین و نەبونی ڕۆشنبیری شوێنەواری لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە لەلایەکیتر بێت.

پێکهاتەی دارشتنی داتاشراوەکە تەنها کەسایەتییەکی لەخۆدەگرێت. هەروەک لە ڕوی دابەشکردنی قەبارە وە زۆر لێزانانە خراوەتە ناوەڕاستی پەناڵێکی شێوە لاکێشە، کەلەبەشی سەرەوە نیمچە کەوانە و بەشێوەی پەیکەری هەڵتۆقیو لە ڕوبەری بەردینی دەروازەی شارەکە سازکراوە. شوناس و گوزارشت و ئاماژەکانی داتاشراوەکە لەجەنگاوەرێکی مەزن و قارەمانێکی باڵادەست و فەرمانڕاوا دەچێت و دەشێت کارەکە بەهۆکاری سەرکەوتنی لەجەنگ داتاشرابێت. هەرچەندە داتاشراوەکە تەواوی وردەکاریی و ئادگارەکانی شێوەی دەموچاوی لەدەست داوە. بەڵام جولەکان و کرانەوەی قۆڵ و وەستانی بەکەلوپەلی سەربازی زیاتر پۆزێشنەری خۆسەپێن و باڵادەست پێناسە دەکەن. تەنانەت هاڵکۆڵینی لەنزیک دەرگەی سەرەکی هاموشۆکارانی شارەکە بۆتە نمونەیەکی بەرزی پەیکەرتاشیی سەردەمەکە.

لەڕوی نـاوەرۆکەوە ئەم داتـاشراوە دەشـێت بـۆ مەبەسـتی پیرۆزکـردنی سـەربازی ئەنجـام درابێـت. پەیـکەری هەڵکۆڵدراوی ئامێدی بەهۆی نەبونی نوسراو لەسەر ئەم پەیکەرە بەرجەستەیە، ناتوانرێت دڵنیابین لەکەسایەتییەکە و ڕای جیاوازی لەسـەر هەیە. هەرچەنـدە ئاماژە و دەربرین لەشـێوەی گشـتی پەیـکەرەکە بەڕونی دەبینرێت، کەگوزارشـتن لەسـەربازێکی فەرمانڕەوای سنورەکە، کە بـۆ ماوەی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ساسـانییەکان بـۆ هەزارەی یەکەمی زایینی دەگەڕێتەوە.

ژێدەر و سەرچاوگەی داتاشراوەکە، بۆ سەرچاوەی سەربازی و پێگەی کۆمەڵایەتی بەشێوازی گوزارشتی لە فەرمانڕەوایەکی دەسەڵاتداری شارەکە دەگەڕێتەوە. هاوکات پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا بەسود وەرگرتن لەئەزمونی هونەری و تەکنیکی سەردەمەکانی پێش خۆیان، شێوەی هەڵکۆڵدراو لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی بەشێوەی ستونی و لای سەرەوەی نیمچە کەوان و لەناوەڕاستی پەیکەری کەسایەتییەکی هەڵتۆقیو ئەنجامدراون، هەروەک نمونەی پەیکەری داتاشراوی پاشاکان لە قەد پاڵی ڕوبەرە بەردینییەکانی (خەنس) و (چیای هەریر) ئەنجامدراون.

توێژگەی چوارەم: ئەنجام و دەرئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

- پەیکەرتاشی وەک سەرەتاترین کەڤاڵی بەرجەستە و هونەری مرۆڤایەتی لە میزۆپۆتامیا دەژمێردرێت. هەروەک بە کەرەستەی جۆراوجۆری وەک بەرد، دار، ڕوخام و مەرمەر هەڵکۆڵدراون.
- هێما و ئاماژەی بابەتی سەرەکی داتاشراوەکان، زیاتر ڕۆڵ و گرنگی بە شوناس و ناسنامەی فەرمانڕەواکان دراوە. هەروەک لەنمونەکان بەدیکراوە.
- پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیایی بە پشت بەستن بەو بنەمایانەی کە لەئاماژەی هونەری پەیکەرتاشی کۆنی کوردستاندا بونی هەیە، کە لەناوەرۆکدا بەگشتی چڕ دەبێتەوە لە بنیاتنانی فۆرمێکی خاوەن شوناس و ناسنامەی سەردەمە جیاجیاکانی شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا.

- پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا بەگشتی هەوڵیانداوە، ئەزمونی هونەری و نەمری ئاماژە و گوزارشتگەریی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێما بەرکار و باو و ڕۆژانەیان دەوڵەمەندی بەشاکارە هەڵکۆڵدراوەکان ببەخشن.

توێژەر بەهۆی شیکردنەوەی هەردو نمونەکە، دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی پوختکردۆتەوە و بە چەند دەرئەنجامێکی سەرەکی گەیشتوە:

- هونەری پەیکەرتاشی یەکێکە لەهەرە سەرەتاترین داهێنانەکانی مرۆڤ، لەڕێگای ئەم هونەرەوە توانیویەتیان بیرۆکەکانی خۆیان لەشێوەی خوداوەند و پاشا و فەرمانڕەواکان.
- هونەری پەیکەرتاشی لەمیزۆپۆتامیا بۆ چەندین ئامراز و هۆکار لە ژیانی ڕۆژانەدا بەمەبەستی (ئاینی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی، شەڕ، جوانی) بەکارهاتوە.
- پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا پتر کاریان لەسەر سیما و ئاماژە و هێما بەمەبەستی دەرخستنی ناسنامەی پەیکەرەکان کردوە.
- ئاماژە هونەرییەکانی پەیکەرەکان بونەتە هۆی چێژ بینین و دەرخستنی زیاتری شوناسی پەیکەرە داتاشراوەکانی سنوری هەرێمی کوردستان.
- تایبەتمەندییەکانی هونەری و شوناسی پەیکەرتاشی داتاشراوی سەر شاخ و چییاکان، وەک ژێرخان وایە بۆ مانەوەی ناسنامەی کەسایەتییەکان و چیرۆکی پشت بەرهەمە پەیکەرتاشییە هەڵکۆڵدراوەکان.
- بەشێکی زۆری بەرهەمی پەیکەرتاشی هەڵکۆڵدراوی قەد پاڵی چیاکان، لەسەردەمە جیاجیاکانی میزۆپۆتامیا کەوتۆتە سنوری هەرێمی کوردستان.
- بەشێک لەبەرهەمە پەیکەرتاشییەکانی سنوری هەرێمی کوردستان، ئاماژە بە بونی کاریگەری و سود وەرگرتن لە ژیاری و شارستانیەتی میزۆپۆتامیا دەدەن.

ڕاسپاردە:

دوای خستنەڕوی ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوە، توێژەر ڕاسپاردەکانی لەم خاڵانەدا خستۆتەڕو:

- گرنگی زیاتر بەپاراستنی بەرهەمە داتاشراوەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بدرێت. هەروەها نمونەی لەبەرگیراوەیان لە شوێنە ئەکادیمی و زانستیەکانی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سازبکرێت.
- هەروەها ئەرشیفکردن و دروستکردنی ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت، کە تایبەت بێت بە مۆزەخانە شوێنەوارییەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی فێرخوازان و توێژەران بتوانن بەسانایی دەستیان پێ بگات.
- پێویستە گرنگی زیاتر بە پەیکەرە داتاشراوەکانی کوردستان بدرێت، بەتایبەت لە ڕوی هونەرییەوە لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکان خوێندنەوە و نمایشکردنی زیاتری بۆ بکرێت و فێرخوازان و هونەرمەندان ئاشنایەتی لەبارەیەوە بەدەست بخەن.
- گرنگیدانی زیاتر بۆ کارکردن و ئەنجامدانی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی لە شێوەی زنجیرەیی دیکیۆمێنتاری تایبەت بە بەرهەمە داتاشراوەکانی سنوری کوردستان. بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی ئاشنای شوێنەوار و کلتوری ناوچەکەیان بن.

## پێشنیاز:

توێژەر پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە دەکات:

توێژەر بە کۆمەڵێك پێشنیازی کردەیی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سود لێوەرگرتنیان لەڕوی داڕشتنی سیاسەتەکانی برەودان بە هونەری پەیکەرتاشی بەم خاڵانە گەیشتوە. کە گرنگترینیان لەخوارەوە خراونەتەڕو:

- ڕەهەندە هزرییەکانی پەیکەرتاشیی کۆن لەهەرێمی کوردستان.
- پۆلینکردنەوەی پەیکەرتاشیی کۆن لەهەرێمی کوردستاندا.

## سەرچاوەکان:


(القران الکریم - تفسیر الکبری - تفسیر سورة العمران - الایه ٤١).

باجگر، د. نەوزاد یحیی (٢٠٢٣). ئەتڵەسی کوردستان. هەولێر: بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان.

باقر، تەها (٢٠٢٢). سەرەتایەک بۆ مێژوی شارستانییە دێرینەکان، وڵاتی نێوان دو ڕوبار. (ب ١). سلێمانی: دەزگەی

پیربال، فەرهاد (٢٠٠٦). مێژوی هونەری شێوەکاری لەکوردستاندا. هەولێر: دەزگای مێرگ.

پیربال، فەرهاد (٢٠١١). کرۆنۆلۆجیای کوردستان (چ ١). هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

تەڵایی، سارا (٢٠٢٢). کورد لەنەخشی ئاسەواردا. (چ ١). هەولێر: زانکۆی جیهان.

جاف، خوسرەو (٢٠٠٩). مێژوی هونەر. دائیرەتولمەعاریف (ب ١). (چ ١). هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

کەمال، د.محەمەد (٢٠١٤). فەلسەفەی هونەر، (چ ١). سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

گارا. (٢٠٠٥). هونەری شێوەکاری مۆدێرن. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

میراودەلی، کەمال (٢٠٠٥). فەلسەفەی جوانی و هونەر. (چ ٢). سلیمانی: خانەی چاپ و بلاوکراوەی قانع.

مەعروف، کەمال نوری. شوێنەوارەکانی کوردستان، زمانی مێژون. سلێمانی: دەزگەی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، هونەری ئەندێشە.

ئەحمەد، د. جەمال ڕەشید و د. فەوزی ڕەشید (٢٠١٤). مێژوی کۆنی کورد. (چ ٤). سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی و

ابراهیم، الدکتور زکریا. (١٩٨٨). فلسفة الفن فی الفکر املعاصر. مصر: الناشر مکتبة مصر.

إبراهیم، زکریا (١٩٧٣). الفنان والإنسان. القاهرة: دار غریب للطباعة.

ابو دبسة، فداء حسین و خلود بدر غیث (٢٠١١). الفنون مابین الحظارات القدیمة والحدیثة. (ط ١). عمان: دار الاعصار، العلمي للنشر والتوزیع.

باقر، طه و فؤاد سفر (١٩٦٦). المرشد الی مواطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة. بغداد: مطبعة وزراة الثقافة و الارشاد.

رید، هیربرت (١٩٧٠). التربیة عن طریق الفن، تر: عبدالعزیز توفیق جاوید. القاهرة: الهیئة العامة للکتب و الاجهزة العلمیة.

صاحب، د. زهیر، و د. سلمان الخطاط (١٩٨٧). تاریخ الفن القدیم في بلاد وادي الرافدین. بغداد: مطبعة التعلیم العالي.

شیرزاد، شیرین احسان (١٩٨٥). مبادی الفن والعمارة، بغداد: مطبعة دار العربیة.

مورتکات، أنطون (١٩٧٥). الفن في العراق القدیم، ترجمة وتعلیق عیس سلمان وسلیم طه التکریتي. (ج1). بغداد: مطبعة الأدیب البغدادیة.

نصرالله، برزان احمد (٢٠١٩). الخامة والشکل في النحت الحدیث.

www.iraqfineart.com/oldskap.htm

www.iraqinhistory.com

www.sanharibarchologicalpark.com